**زانكۆی سەلاحەددین**

**كۆلێژی زمان**

**بەشی زمانی كوردی**

**قۆناغی یەكەم / كۆرسی دووەم**

سالّی خوێندنی 2019ـ 2020

# ئەدەبی میللی

**تێبینی// قوتابیانی خۆشەویست  بۆ زانیاری بەڕێزتان ، ئەم بابەتانەی بۆتانی دەنێرم تەواوکەری کۆرسی دووەمە ، وەك دەزانین و لای هەمووان ئاشكرایە ، ئێمە لە سەرەتای کۆرسی دووەم هەندێ بابەتمان خوێندووە و نووسیومانەتەوەش بابەتەکانی ، وەکو ( پێناسەی ئەدەبی میللی، فۆرمەکانی ئەدەبیاتی میللی ، جیاوازی ئەدەبیاتی میللی و ئەدەبیاتی  فۆلكلۆر، لێکچوون لەنێوان ئەدەبیاتی  میللی و ئەدەبیاتی  فۆلكلۆری، جیاوازی ئەدەبیاتی میللی و ئەدەبیاتی نووسراو  ، شاعیری میللی عەلی بەردەشانی ) . ئەم بابەتانەش تەواوکەری ئەون ،وەك لێرەدا بۆتانم ئامادە کردووە.**

**لەگەڵ ڕێزدا.......**

**م.شهله كريم**

2020 /3/  21

## عەلی هەریری:

### -ژیانی عەلی هەریری:

**عەلی هەریری(حەریری) یەکێکە لە شاعیرە هەرە کۆنەکانی باکووری کوردستان.**

**مێژووی ئەدەبی کوردی زیاتر ناوی پاراستووە، لەوەی بەرهەمی شیعری خستبێتە بەردەست.**

**کۆنترین زانیاری تۆمارکراو لەبابەت شاعیرەوە ئەو چەند دێڕەیە کە دەسگای کوردناسی ڕووسیا لە ساڵی 1860 دا بلاّوی کردۆتەوە. (ئەلێکساندر ژابا) بەزمانی کوردی و فەرەنسی ئەم شاعیرەی بەیەکەمین شاعیری کورد داناوە و دەڵێ: عەلی هەریری(حەریری) دیوانێکی بچووکی هەیە،شیعرو قەسیدەکانی تێدا تۆمارکراوە. هەرچی حەریریشە گوندێکە لە ناحیەی شەمزینانی سەر بە سنجەقی هەکاری ، شیعرەکانی زۆر بەناو بانگ و خۆشی لە کوردستان ناسراوە، لە گوندی خۆی کە حەریرە نێژراوە.**

**هەموو ئەوانەی لە دواییدا لە کوردەکان خۆیان و ڕۆژهەلاّتناسەکان کەباسی شاعیریان کردووە تەنیا لە دەوروبەری ناوەرۆکی ئەو چەند دێرەدا سووڕاونەتەوە، لەپاش تێپەربوونی چارەکە سەدەیێك بەسەر ئەو زانیارییانەی لە بابەت ژیانی عەلی هەریرییەوە کەوتنە ناوەوە، لەساڵی 1887 رۆژهەلاّتناس و کوردناس (ئەلبێرت سوسینی) پارچەییێك لەشیعری شاعیری بلاّوکردەوە، بەلاّم کوردناسی ئەوروپا عەلی هەریری بەخەڵكی کورد نەناساندووە، بەڵکو بە رۆژهەلاّتناسی ئەوروپا و لەدواییدا بە رۆشنبیرانی کوردی سەدەی 20ی ناساندووە، بەراستی کورد ئەم شاعیرەی خۆی لەرێگەی سەرچاوە کوردییەکانەوە دۆزیوەتەوە.**

**کۆنترین کەسێکی کە یادی عەلی هەریری کردبێ (ئەحمەدی خانی) یە، لە (مەم و زین) دا ناوی سێ شاعیرە کلاسیکییەکانی باکووری کوردستان دەبا ، مەلای جزیری ، عەلی هەریری ، فەقێ تەیران :**

**بیناڤە روحا (مەلێ جزیری)**

**پێ حەی بکرا (عەلی حەریری)**

**کەیفەك وەبدا (فەقیهی تەیران)**

**حەتتا ب ئەبەد بمایە حەیران**

**لەپاش سەدەو نیوێك حاجی قادری کۆیی وتوویەتی:**

**دوو عەلین شاعیرن وەکو حەسسان**

**بەردەشان و حەریرە مەسکەنیان**

**لەبابەت ساڵی لەدایکبوون و کۆچی دوایی ئەم شاعیرەمان لە لێکدانەوەو بەراوردکردن و وردکردنەوەی هەموو ئەو بیروڕایانەی کە لەم بابەتەوە کەوتوونەتە دەست گەیشتووینەتە ئەوەی کە عەلی هەریری لە دەوروبەری ساڵی 1530 ز لە گوندی هەریری ناوچەی شەمزینانی هەرێمی هەکاری لەدایك بووە ، هەر لەوێش لە دەوروبەری ساڵی 1600ز کۆچی دوایی کردووە.**

عەلی هەریری لە دەرچووانی حوجرەی مزگەوتە،وەکو لەشیعرەکانیدا دەردەکەوێ شارەزاییێکی تەواوی لە شەریعەت و زانیارییەکانی ئیسلام بووە ، هەروەها ئاگادارییێکی باشیشی لە ئەدەبیاتی سۆفیزمی ئیسلامی سەردەمی خۆی بووە ، نازناوی شیعری ناوی راستەقینەی خۆی (عەلی) بووە و لە قەسیدەکانیدا بەکاری هێناوە.

لەم دواییەدا (عەبدولڕەقیب یوسف) هەندێ زانیاری تازەی هێناوەتە ناوەوە لە بابەت عەلی هەریرییەوە ، بەهیچ جۆرێ نابێ پشتگوێ بخرێ، ئەو زانیاریانە زانینی نێوەندی ئەدەبی و بۆچوونەکانی (ئەلێکساندر ژابا) رەتدەکەنەوە دەڵێن: عەلی خەڵکی هەریری خۆشناوەتی ناوچەی سۆرانە ،(عەبدولڕەقیب یوسف) بەهۆی ئەوەی شارەزاییێکی تەواوی لەناوچەی هەکاری و وان هەیە لەسەر ئەو باوڕەیە لەوێ ئاوایێك نییە بەناوی هەریرەوە  هەروەها لە ناوچەی کوردستانی سەروو بەناووبانگ نییەو بەشاعیر نەناسراوەو شیعریشی لەناو خەڵکیدا بلاّو نییە،کەچی بە پێچەوانەوە لە هەریری سۆران و ناو خۆشناوەتی دا ناوبانگی هەیە، هەندێ کەس بە (عەلی عاشق) ناوی دەبەن و شیعری بە گۆرانی دەچرن، جگە لەوە بە  (مەلاعەلی شاعیر) یش ناوی دەهێنن.دیارە علی خەڵکی هەکاری بێ یا سۆران هیچ لە مەسەلەکە ناگۆرێ و خۆی و شیعری سەر بە رینیسانسی ئەدەبی کوردین لە باکووری کوردستان یەکەمین کەس بووە لەبزووتنەوەی شیعری کوردیدا بەشداری کردووە.

## - شیعری عەلی هەریری :

**تا ناوەراستی سەدەی 20م لەناو کۆڕی رۆشنبیرانی کورد بەرهەمی شاعیر لەناوەوە نەبووە خەریك بوو گومان لە بوونی دەکرا ،ئەگەر گەواهی خانی و حاجی قادر لە ناوەوە نەبووایە لەوانە بوو بەیەکجاری لەبیر بکرایە. بەلاّم لەدواییدا لەئەنجامی کۆششی مامۆستایان و رۆشنبیرانی کورد بایی ئەوەندە شیعری عەلی هەریری کەوتە ناوەوە کەراستی قسەکانی خانی و حاجی بسەلمێنرێن ، ئەو شیعرانەی دەست کەوتوون لەرووی روخسارو ناوەرۆکەوە بەم شێوەی خوارەوەن:**

### 1-لەڕووی ڕوخسارەوە:

**-ئەو بەرهەمە شیعرییانەی ئێستا لە بەر دەستدان لەرووی کێشەوە هەموویان شێوەی چوارینی هەشت سیلابی و قافیە (ااب) یان هەیە، ئەم کێشە لە کێشە سووکە خۆماڵییەکانی فۆلکلۆری کوردییە بەهەموو دیالێکتەکانیەوە ،تەنیا بەرهەمێکیان نەبێ ئەگەرچی ئەویش وێنەی ئەوانی تری هەیە ،بەلاّم هەر دێرێکی لەرووی کێشەوە (حەوت کەرتی سیلابییە).**

**-لە ڕووی زمانەوە شیعری عەلی هەریری سووك و ڕەوانە ، وشەکانی لە فەرهەنگی گشتی زمان هەڵبژێرراون ،ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی مانای شیعرەکان دیارو ئاشکرابێ زۆربەی وشەکانی لە ژیانی کۆمەلاّیەتیی رۆژانەی ئەدەبێکی میللی بەرز**

که له نێوان قوتابخانەی شیعری ئیسلامی ئەتنۆلۆجی (ئیسلامەوی) و شیعری کوردی فۆلکلۆری خۆماڵی دەوەستێ.

## 2- شیعرەکانی لەڕووی ناوەرۆکەوە:

دڵداری مەبەستی بنچینەیی شاعیرە ،دلبەر شۆخێکی بێ هاوتایە ،شیعرەکانی تەرخانکردووە بۆ پێداهەڵدانی ئەو. بەشوێن وردە وێنەی سروشت دەگەڕێ بۆ ئەوەی لەگەڵ دلبەر بەراورد و بەرامبەری بکات .پێوەندی نێوان شاعیرو دلبەر ئەو هێزەیە کە (عەشق) پێدەڵێ. ئەم دڵدارییە ئەو دوو ئادەمیزادە لە یەکتری نزیك دەکاتەوە . شاعیر پەنا دەباتە بەر هەندێ وشەو زاراوە و وێنەی کە سۆفییان بەکاری دەهێنن ، بەلاّم ئەم کۆششە شیعرەکانی نابەنە ناو جیهانی نهێنیی سۆفیزمەوە،بەڵکو هەندێ وێنەی وەسفی سۆفیزم دەدەنە دەست ، لەبەر ئەوەیە شیعرەکانی عەلی هەریری لەچوارچێوەی دڵداری و سروشت و بەهەوای رۆمانتیکییانە و دیمەنی هەست پێکراوی کلاسیکییانە ناچنە دەرەوە. لێرەدا بەپێویستی دەزانین چەند نموونەیەك لەشیعرەکانی شاعیر بخەینە بەرچاو و لەڕووی ناوەڕۆکەوە لێیبکۆڵینەوە:

1-لەشیعرێکدا باس لەلایەنی خۆشەویستی دەکات و دەڵێت:

پەریزادە تو وا هاتی

ل سەر چاڤێن د من شالا

مە لەوزانی تو وا هاتی

ژ دەنگێ تەوق و خرخالا

ژ  دەنگی بازن و زەندا

نەما عەقلێ  عەقلمەندا

هندی من گۆت سی و چەندا

تو چێتر بووی ژ هەڤالا

تو چێتر بووی ژ لەیلایێ

شرینتر بووی ژ زولەیخایێ

مەم و زین هەر دوو یەك تایێ

سیا زولفێ کرم تالا

سیا زولفێ تو ناترسی

ژ ئەحوالی مە ناپرسی

موبارەك بیت تە ئەو کورسی

تو ڕوینی گۆھ د عەبدالا

تو روینی گۆھ بدە بەیتێ

ل پێشی تو وەکو زەیتێ

د سۆژیت مەجلیسا مەی تێ

وەکی پویشێ ل کەندالا

وەکی تە ڤنووس بێ پەروابم

دەخۆم سوندێ جودا نابم

حەزینم ئەز قەت تێر نابم

ژ دیدارا خەت و خالا

ل دیدارا تە ئەز زین کەم

حەتا کەنگی ڕوح تێ تەن کەم

کەسەر بووم جارەکی بین کەم

خودانا بتت و دەسمالا

خودانا تیت و جەبهەت بی

خەراج و ئەرد و قیمەت بی

دیداری تە ب قیمەت بی

ل عید و جەژن و سەرسالا

ئەووەل کار و کەسێ من توی

یەقین فرنا دەرسێ من توی

کەسێ من و بەسێ من توی

ل زێڕ و مال و پر نالا

ل زێڕ و مال و پر ڕەنجم

کەسادم ساحیبی گەنجم

ل باژیڕا گوهەر سەنجم

سەفەر دویرە هەتا مالا

سەفەر دویرە شەبی تاری

ئەی (عەلی) بۆ  تو پڕ باری

دا بکەین زیکرێ جەبباری

بەلکی لەمە خوەش بت شالا

لەم شیعرەدا شاعیر لەگەڵ دلبەر قسەدەکات ،هەر خۆی دەدوێ و یار نایێتە وەڵام و گفتوگۆ دروست نابێ. ئاشکرایە کەدلبەر لەبەر جوانی لە نەژادی ئادەمیزاد چۆتە دەرەوە و لە نەوەی پەرییانە ،یا حۆری بەهەشتە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەسیما و

ئەدگار ئادەمیزادە، چونکە خۆی بەخشڵ ڕازاندۆتەوە ، ڕەوتی خان و خەرمانی پڕ لەنازی تۆق و تەلیسم و دوگمەی سەر سنگی و خرخاڵی پێ و بازنی دەستی دەبزوێنێ و ئاوازو مۆسیقاییێکی نهێنی دروست دەکات .ئەو دەنگ و ئاوازە لە زڕەی خشڵ و چەکی ژنانی تر ناکات  شتێکی تایبەتییە، لەبەر ئەوەیە شاعیر هەر کە گوێی لەدەنگی ئاوازی خشڵی ئەو ببێ دەزانێ ئەوا پەریزادە و نازو نازکی بە ژیان دەبەخشێ.

پەریزاد لەلای شاعیر نەك تەنها جوانە بەڵكو دروشمی دڵداریی راستەقینەیە ،لەنموونەکانی دڵداریی کوزمۆسیش تێپەڕی کردووە ،لە زولێخای فیرعەونی و لەیلای عەرەب و زینی کوردیش بالاٌترە.

-هەر لەنموونەیەکی تردا دەڵێت:

دیسان لە عیشقا دلبەرێ

سەر تا قەدەم سووتام ب نار

چاو مامزێ گەردەن زەرێ

ستاندی ل من سەبرو قەرار

ستاندی ل من سەبروسوکوون

قەد عەرعەرێ گەردەن ب خوون

زولفێ د شۆخ وەستان ب جوون

تا تا ل سەر را هاتنە خوار

تا تا ل سەر را  راخوشین

عەقل و دلم هەردووك فڕین

ئەی دلبەرا حالم ببین

ل دلم دەرین تیری ب خار

ل دلم دەرین تیری ب پەڕ

لەت لەت بوین جەرگ و جەگەر

سێ سەد حەکیمم بێنە سەر

بیللا شیفام نابێ چ جار

بیللا ل بۆم نابێ شیفا

چەندم هەنە جەور و جەفا

سووتام گەلۆ زەیی قەفا

زام و برینم سەد هەزار

زام و برینم بێ حیساب

عیشقی حەبیبێ ماهتاب

دل ماهی یێ بەحری عەزاب

برین کرن ل منی هەژار

برین کرن ل منی غەریب

گەر بۆم بێتن هەزار تەبیب

بێ مەرهەما وەسلا حەبیب

چون دۆزەخە بێ وەسلی یار

بێ وەسلی یاری دل ڕوا

بێ گولهوزاری جان فیدا

جەننە و نەعیمیش بێتەجار

شوبهی سەعیرە پڕ ل نار

شوبهی سەعیرە پڕ ئاگرە

دۆزەخ گەلەك لەو چاترە

## ناری فیراق دژوارتره

جان وجەگەر تێك هاتنە خوار

جان وجەگەر تێك هەروەشان

فەریاد ل دەستێ مەهوەشان

دایم ب دل چون واوشان

سەر تا قەدەم خوون و جۆبار

خوون د ڕژێ جاری دکم

شەب تا سەحەر زاری دکم

بێ خاب و بێ زاری دکم

قەت ساتەکی نادا قەرار

قەت ساتەکی نابم سوکوون

عیشقی حەبیب کردم زەبوون

پری سیا چشما ب خوون

ئیرۆ ل (عەلی)یێ هەژار

لەم شیعرەدا شاعیر هێشتا بە دلبەری شاد نەبووە و چاوەڕوانیەتی ،رۆژگاری چاوەڕوانی بریتییە لەسەردەمی نەخۆشی شاعیر ، ئێش و ئازاری لەدووری یارەوەیە ،دیارە یار دەبێتە پزیشك تەنیا بە سەردانێکی برینەکانی نەخۆشی تیمار دەبێ، شاعیر بەشوێن هەموو ئێش و ئازارێك دەگەرێ، هەمووی لەخۆیدا کۆدەکاتەوە ، تەنیا نەخۆشییێکی نییە ، بەڵکو دوچاری هەموو نە خۆشییەکانی گشت ئادەمزادی سەر ڕووی زەوی بووە ، چاوەروانە و هێشتا یاری پزیشك نە گەیشتووە.

2-لەشیعرێکی تردا باس لەهەندێ لایەنی نێگەتیڤی سۆفیزم دەکات و دەڵێت:

هەرچی شێخ و مریدن

کو بێژن قەد وەناکم ئەز

ئەگەر ڕووحم دکن غارەت

ژ یاران را بنۆشم ئەز

بلا ساقی مەیی بینت

ژ یاران را بنۆشم ئەز

ژ کەربا جوملە سالووسان

دەرێ کۆپان رەواکم ئەز

هەچی شەملەك لەسەر پێچا

**ئولاچیك لفك ژێ بەردا**

**ئەگەر سینگی دنێڤ راکت**

**دەبێ ساحێب سیواکم ئەز**

**مەکن باوەر ژ سەرکەسکا**

**ئەگەر شاشك ژ نووریێ بت**

**د گەل کەزی یێ دبت کافر**

**دبێژن ئەسڵی باکم ئەز**

**ژ سەرکەسکا مەکن باوەر**

**د جەهلێدا دبن کاف**

**دبێن ئەز شێخێ سافی مە**

**ب جارەك قەت چاکم ئەز**

**لێرەدا شاعیر گەلێ ساکارانە لە هەندێ لایەنی پراکتیکی نێگاتیڤی سۆفیزم(دەروێشیزم) دەدوێ. وا پیشاندەدات کەخۆی لە وشکەسۆفی یان نییە و سۆفی راستەقینەیە و لە دەستی یاران بادەی مەی وەردەگرێ و دەینۆشێ ،بەڵام دیارە ئەم جۆرە شیعرە دەچێتە ناو شیعری**

**پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە، هیچ پێوەندییێکی بەداهێنانی ئەدەبی سۆفیزمی پرتەوییەوەنییە. ئەم بابەتە ناوەرۆکە لە سەدەکانی داهاتوودا شێوەی سیاسی-کۆمەڵایەتی وەردەگریٚ بەتایبەتی لەسەدەی 19و سەرەتای سەدەی 20مدا.**

**3-لەم شیعرەشدا باس لە جەورو ستەم و زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتی تورك و عەجەم دەکات و دەڵێت:**

**هۆشم چوو بوو مابووم د هۆش**

**هەردەم بەدەم لەوتێن ب جۆش**

**مێرا قەوی زەوق و خرۆش**

**ب شاهی خوندکاری د کەن**

**ب شاهی وان دان و کەرەم**

**خزمەت د کەن تورك و عەجەم**

**مریدیٚ عیشقیٚ دەم ب دەم**

**ل نەقشیٚ جەبباری دکەن**

**نەقش و نیگاریٚ نەققاشان**

**دیوان و وەسفێت شاوشان**

**هەی هەی ل جۆتێت پادشان**

**عەجەب خۆش سەرداری دکەن**

**سەردارا شاها رەونەقە**

**موعجیزا رەمزێت ئەبلەقە**

**(عەلی) و مەبێژە ئەحمەقە**

**ل بازار ئینکاری دکەن**

**لێرەدا شاعیر ،کە دەڵێ(هەی هەی ل جۆتێت پادشان) مەبەسی جووتە شاکانی تورك و عەجەم (عوسمانی و سەفەوی )یە ، نەك کچە جوانەکەی شای دڵداری . ئەم دوو دەوڵەتە لەو رۆژگارانە دا لە هەرەتی زەبرو زەنگیان بوون بەتایبەتی لە ناو خاکی کوردەواریدا ، شاعیر پیاو دەخاتە بۆشاییێکی پڕ تەم و مژەوە،بەوەی( شا) کە (یار) ە بەرامبەر دوو سوڵتانەکەی تورك و شا کەی عەجەم دادەنێ، یاری خۆی دەناسێ بەڵام نازانێ ئەم دووشایە چۆن سەرداری دەکەن، ئایا دادپەروەری لەگەڵ هاووڵاتیان دەکەن یان خەریکی شتێکی ترن؟ دیارە زەبرو زەنگی (یار) کارێکی بە جێیە ، بەڵام زۆرداری سوڵتان و شا نا بەجێیە.**

**عەلی هەریری بەم کۆمەڵە شیعرەی بەراستی دەتوانێ خۆی بکا بەیەکێك لە شاعیرە گەورەکانی رینیسانسی ئەدەبی کوردی لە باکووری کوردستان ، گومانیش لەوە دانییە کەبەرهەمی زیاتری بووە لەوەی لەبەردەست دایە،با ئەوەش وترابێ گوایا دیوانێکی بچووکی هەیە ، لە رووی ناوەرۆکیشەوە لەگەڵ هەڵسوکەوتی کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی و کۆمەڵی رۆژهەلاتی ناوەراست لە سەدەی شازدەمدا دەگونجێ.**

## فـەقـێ تـەيـران :

### -ژيـاننامـەی شـاعیر:

فەقێ تەيران ناوی خۆی (محەمەدە) غەيری ئەوە ناوی باوك و باپیری نەزانراوە و تا ئێستا هیچێکی لە بارەوە ساغ نەبۆتەوە، سەبارەت بەو نازناوانەش ،کە فەقێی تەيران بۆ خۆی هەڵیبژاردووە ( تەحسين دۆسکی ) دەڵێ : نازناوەکانی بريتی بوونە لە (فەقێ) (مەكسی) ،(میم وحێ) ........بەلاّم ئەو نازناوانەی تريش کە خەڵکی وا دەزانن هی فەقێ تەيرانە،وەکو ( فەقێی هێشەتێ) و(فەقێی گەڕۆك) و(میر مح)و(میر محێ).

( تەحسين دۆسکی ) دەڵێ: ئەوانەش هیچی نازناوی شیعری فەقێی تەيران نینەو بە نەزانین و ناراست کراونەتە نازناوی ئەو شاعیرە ، سەبارەت بەسالأنی ژيان و مردنیشی ، لەرێگەی دەستکەوتنی هەندێ تێبینی و لێکدانەوەی هەندێ لە شیعرەکانی ( تەحسين دۆسکی ) گەيشتۆتە ئەو قەناعەتەی بڵێ: فەقێ تەيران لە ساڵی (957ك- 1549ز) لە گوندی (وارەزۆر)ی سەر بەقەزای (مەکس)ی کوردستانی باکوور لەدايك بووە لە ساڵی (1041ك- 1631ز) کۆچی دوايی کردووە و لە گوندی (شانديس)ی سەر بەقەزای (نەمرا) شاردراوەتەوە.

**-بەرهەمەکانی فەقێ تەیران :**

**گرنگترین بەرهەمەکانی ئەمانەن:(شێخی سەنعان ،زەمبیل فرۆش،هەسپێ ڕەش،هەی ئاڤ و ئاڤ،دمدم،بەرسیسی عابید،دلۆرابە) ،لەگەڵ هەندێ شیعری گۆرانی .**

**- -ئەگەر سەیری شێوازی شیعرەکانی بکەین دەبینین شیعرەکانی فەقێ تەیران قورس نین و هەندێجار بەرهەمەکانی تێکەڵی ئەدەبی سەرزاری بوونەتەوە بەشێوەیەکی گشتی دووجۆر شیعری نووسیوە :**

**یەکەم: بەیت یان چیرۆکەشیعر**

**دووەم:شیعری گۆرانی یان لیریك**

**-کێشی شیعری :**

**زۆربەی بەرهەمەکانی فەقێ تەیران لەشێوەی چوارینەن و بەکێشی خۆماڵی کوردی هۆنراونەتەوە و لەسەر کێشی هەشت برگەیین هەندێکیش عەرووزی عەرەبین ، بۆنموونە کێشە عەرووزییەکانی ، کە بەکاری هێناون :**

**1-کێشی هەزەج: ئەو کێشەیە ، کە لە تەفعیلەکانی (مفاعیلن مفاعیلن) پێکدێت ،ئەوەتا بۆنموونە فەقێ دەڵێ:**

**ب/ چا/ کۆ/ چان/ ب/ بز/ ما/ ران**

**م/ فا/ عی/لن / م/ فا/ عی/لن**

**(مفاعیلن) (مفاعیلن)**

**ل /من/ دا/ بوو/ ب/ هەر/ چا/ ران**

**م/ فا/ عی/لن / م/ فا/ عی/لن**

**(مفاعیلن) (مفاعیلن)**

**د/صو/ ب/ حێ و/ د/ ئێ/ ڤا/ ران**

**م/ فا/ عی/لن / م/ فا/ عی/لن**

**(مفاعیلن) (مفاعیلن)**

**مو/قیم /ما/ بوو/ د/ قتا/ لێ/ دا**

**م/ فا/ عی/لن / م/ فا/ عی/لن**

**(مفاعیلن) (مفاعیلن)**

**2-کێشی ڕەمەل: ئەوکێشەیە ، کە لە تەفعیلەکانی ( فاعلاتن فاعلاتن) پێکدێت ...ئەوەتا بۆ نموونە فەقێ تەیران دەڵێ:**

**مه/ له/ كا/ها/   دى /ب /خار/ هات**

**ف/ع/لا/ تن              ف/ع/لا/ تن**

**(فاعلاتن )              (فاعلاتن )**

**قص/ صه/ تا /مور/ شيد /ب/ كار/ هات**

**ف/ع/لا/ تن              ف/ع/لا/ تن**

**(فاعلاتن )              (فاعلاتن )**

**ئەمەش شيعرێكە كێشەكەی ڕەمەلی چوارییە ، پێی یەكەمی مەخبونە**

**-كێشی خۆماڵی : ئەم كێشە كێشی پەنجەیشی پێ دەگوترێت ، كێشی كۆنی ئەدەبیاتی میللەتان و شیعری فۆلكلۆری و میللییە ،دەشێ ژمارەی برگەكانی (7،8،10) یان هەندێ ژمارەی تربن ، مەرج نیە برگەی كورت و درێژی وشەكان لەنیوە دێڕەكانی (یەكەم و دووەم) بەقەد یەك و لەبەرامبەر یەك بن، بۆ نموونە فەقێ دەڵێ:**

**پەروانە لەو دمرت**

**خۆش نینە ئەو ب ژینێ**

**زەعیفە خوە ناگرت**

**تیژە بەرقا ئەڤینێ**

**د پەردێ نا سەبرت**

**پەردەکە مالا دینێ**

**ئەم شیعرەش لەبارەی کێشی پەنجەی (7) برگەی نووسراوە**

**-سـەرواى شـيعـرى :**

**سەبارەت بە سەرواش شیعرەکانی فەقێ تەیران هەموو سەروادارن و هیچیان نییە بەبێ سەروابن ،جا سەبارەت بەپیتەکان بۆ زۆربەی پیتەکان سەروای دروستکردووە ، سەبارەت بەجۆری سەرواکانیش سەروای دوو بەیتی و سەروای چوارینیشی پەیرەوکردووە ،بۆنموونە فەقێ تەیران دەڵێ:**

**سوبحان ژ شاها زولجەلال**

**وەی نازکا صاحێب جەمال**

**پیتی (ل) دواین وشەی نیوە دێری دووەم ، کەوشەی (جەمال) ە ، ئەوە پیتی (سەروا) ی ئەو دێرەیە ، لەگەڵ پیتی کۆتایی دوا وشەی نیوە دێری یەکەمیش (زولجەلال) هەر یەکسانە ، چونکە دوو دێری سەرەتای چوارینن ،بۆیە وەها دەبن.**

-ناوەڕۆکی شیعرەکانی فەقێ تەیران:

1-ستایشی خودا: وەکو لە مونازەرەکەی لەگەڵ مەلای جزیریدا فەقێ تەیران دەڵێ:

یارێ هەقیقەت خالقە
چوون جانفیدایێ ڤێکەڤین
ڕاست ودروست و صادقە
چ ڕەنگ _ڤ شوونا ڕێ کەڤین
قەنجە لەتیفە لائیقە
د باغێ ئیرەمدا ڤێکەتین

2-بەندایەتیکردن و دوعاو پارانەوە لەخودا بۆ لێخۆشبوون:

خوداوەندا تو صەببوحی
د کەم صەد نالی یو زوحی
د وەقتێ شددەتا ڕوحی
ب سەهلی دێ بکەی جاری

3- گێڕانەوەی بەسەرهاتی پێغەمبەران (د.خ)، وەکو ئەوەی لەبەیتی (زەمبیلفرۆش) دا هەیە بەدی دەکەین .

4- بیرهێنانەوەی خەڵکی لەرێگەی باسکردنی ئەوەی مردن کەسی پێشووی نەهێشتۆتەوە لە باش و خراپ ، کە وابێ ئێوەش دەمرن و کەس تا سەر نامێنێ، وەك دەڵێ:

نە یەحیا ما ، نە صالح ما

نە هارووون ما ، نە مووساما

نە مریەم ما، نەعیسا ما

نە ئەحمەدما، نەچاریارە

نە جالیس و نەسوقڕات مان

نە تالیس و نە بقڕات مان

نە زولقەرنەین و مرئات مان

نە جوم جوم ما و نە ئەخیارە

5- وەسفی بەهار: بەهار وەرزی نوێبوونەوەی ساڵە و جموجۆڵ بەخشینە ،بۆیە هەموو شاعیران وەکو کەسانی تر دڵیان پێ خۆش بووەو شتیان لەبارەوە گوتووە،(فەقێ تەیران) یش بەو وەرزە کارتێکراو بووە ولە باریەوە دەڵێ:

فەصلا بەهار پیرۆزییە

بەژنا زراڤ  ناروزییە

تەیران هەوارو  گازییە

دیسان بخێربێتن  بهار

ئەوان تەیران ئاواز  دگۆت

شالویل و بلبل بوونە جۆت

ئەوان کەیفەك ب من فرۆت

دیسان بخێربێتن بهار

## ئـەحمـەد شـێـواو :

**-پـوختـەی ژیـاننـامـەی شـاعـیر:**

**ناوی(ئەحمەد ڕەشید محەمەد)ە، لەساڵی (1927ز) ی لە پشدەر لەخێزانێکی هەژار لەدایکبووە و لە 1999/7/29 لە ڕانیە کۆچی دوایی کردووە، ژیانێکی زۆر زەحمەتی هەبووە و زیاتر لەئیشێك و و زیاتر لەشوێنێکی کوردستان و باشوور و ناوەڕاستی عێراقی کردووە ،بەڵام وەکو خۆی لە درەنگانێکی تەمەنی دەنووسێ ، دەڵێ:(ئێستا لەجاران بەدبەختترم )، لەگەڵ ئەوەشدا (ئەحمەد شێواو)، وەکو لە ئاوێنەی شیعرەکانی دەردەکەوێ کوردێکی نیشتمان پەروەرو شاعیرێکی میللی زۆر شیعر جوانە.**

**-فـۆرمـە شـیعـرەکـانی ئـەحمـەدشـێـواو:**

**شیعرەکانی ئەحمەدشێواو لە ڕووی فۆرمەوە ڕەنگاو ڕەنگن، هەموو شیعرەکانی دیوانەکەی بەم فۆرمانەی خوارەوە نووسیون، کە بریتین لە : شیعری خۆماڵی ، چوارین، چوار خشتەکی، دووبەیتی ، پارچە، مەسنەوی ، غەزەل، پێنجین)**

**-زمـانـی شیعـری:**

**زمانی شیعرەکانی شێواو لەهەموو ئەو نموونانەی،کە لەدیوانەکەی بەرچاودەکەوێت، زمانێکی گشتییە، ئەو زمانەیە ، کە خەڵك بەگشتی قسەی پێدەکەن و ئەدەبیاتی میللی و فۆلکلۆریش هەر بەو زمانەن ، ئەوەتا ئەو زمانە لە هیچ شوێنێك کێشەیەکی نەبووە ، کە ئاڵۆزبێ و خەڵك تێی نەگات ئینجا زمانێکی ناوچەییە و زمانێکی ئاسان و خۆش و جوانە هەموو لایەك چێژی لێوەردەگرن.**

**-نـاوەڕۆکـی شیعـرەکـانـی:**

**ئەگەر لەئاوێنەی شیعرەکانیەوە سەیری ( ئەحمەدشێواو) بکەین دەبینین ئەحمەدشێواو ، وەکو کەسێکی کوردپەروەرو کەسێکی خەمخۆر بۆ کوردستان و کەسێکی گرینگی دەرە بە ژیانەوە ، بەڵام کەسێکە هەندێجار لاسایی خەڵکی پێشخۆی دەکاتەوە و زۆر ڕوون نییە ئەوەی دەیڵێ لەسۆنگەی چییەوە سەرچاوەی گرتووە ،لە خوارەوە هەندێ لەو دیمەنانە دەخەینە بەرچاو ، کە بیرو کەسایەتی شاعیر دروست دەکەن:**

**1-هەستی نیشتمان پەروەری:**

**شێواو پێی وایە کورد هەمووی یەك پارچەیەو جیاوازی سنوورە دەستکردەکان نابێ جیاوازی لەنێوان هەڵوێست و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە دروست بکەن ،بۆیە گرنگی بەکێشەی کورد لە پارچەکانی تریش**

**دەدات و پێی وایە لەهەموو پارچەکان کورد هەر یەك کێشەی هەیەو لەبەر ئەوەشە پێویستە هەموو لا یەکبگرن ،وەك دەڵێ:**

**بەیانی بوو پێش خۆرهەڵات**

**تەیرێکم دی دەفڕی و دەهات**

**کە تەیرم دی گەلێك مات بوو**

**باڵ بەخوێنی مهاباد بوو**

**چرپاندییە گوێم بە دڵتەنگی**

**مەگەر کوردنی؟ وا بێدەگی**

**بۆ نازانی لافاوی خوێن**

**کوردی بردن بێ سەروشوێن**

**تەناف و دار هەڵفراوە**

**ملی قازی پێ داکراوە**

**سوپای عەجەم زۆر بێدینە**

**لە کوردستانمان بە قینە**

**چ نەماوە نەیکەن پێمان**

**زەوتیان کردووە ماڵ و جێمان**

**شارو دێمان لێ دەکێڵن**

**زۆر داران لێمان لەفێڵن**

**مەگەر ئێوە برایان نین؟**

**شارەزای چوار چرا یان نین؟**

**هەموو ئاواتتان یەك نییە؟**

**ئیدی وەستانی بۆ چییە؟**

**ئەحمەد شێواو پێی وایە پارچە پارچەیی و ناڕێکی ناو ماڵی کورد ، ئەوانە هۆی دواکەوتوویی و مانەوە لەژێر نێزەی دوژمنانی بۆ کورد هێشتۆتەوە ، دەنا ئەگەر کورد هەموویان یەك هێزبن هەموویان بەدڵ و گیان لەگەڵ یەك بن ،ئەوا هەزارانی لە شای ئێران و لە دوژمنانی تریش بەهێزتربن ،ئەوا لە ژێر نێزەی یەکگرتووی کورد ، دەکەن و ناتوانن ستەم لە کورد بکەن و مافی نەدەن ئەوەتا دەنووسێ:**

**ئەگەر ئێمە گشت یەکگرین**

**دەست لە نا کۆکی هەڵگرین**

**لە مەیدانێ لە جەنگێ مە**

**لە ژێر لوولەی تفەنگێ مە**

**هەزاران وەك شا بەتین بن**

**خاوەن چەك و هێزو ڤین بن**

**لەهەڵمەتمان خۆ ناگرن**

**بەزیون و زۆر حاڵ شڕن**

ڕەگی بەدفەڕییان دەرێنین

هێرشەکانیان تێك دەشکێنین

- ئەحمەدشێواو کەسێکە پێی وایە ئینسان دەبێ پاك بێ و ناپاکی لەگەڵ خەڵك و خاکەکەی خۆی نەکات خیانەتکردن لەگەڵ خاك و وڵاتی بەلاوە لە گوناهە گەورەکانە ،بۆیە تا سەر ئێسقان دژی وڵات فرۆشانە و دێت ئامۆژگاری میللەتەکەی دەکات دەڵێ:

وام بە باش زانی بۆ کوردەواری

ئەم وەصیەتەی خۆم بکەم بە دیاری

کوردە بەلیرەو دووڕ و مرواری

نەفرۆشی بستێك لە خاکی ئاری

خاکی ئاری هێمایە بۆ خاکی کوردستان ، کە خاکی باب و باپیرانی کوردەو لەوەتەی هەیە پێشینانمان بەرگرییان لێکردووە ، ئەوە ماڵی گەورەی هەمووان و دایکی دووەمی هەمووانە، ئەوەی وەفای بۆ ئەو خاکە نەبێ،کە دایکی دووەمیەتی ئەوە وەفای بۆ دایکی خۆشی نابێ.

2-خۆشەویستی ئافرەت:

شێواوی شاعیر وەها دەردەکەوێ ، کە زۆر عەشقی کچی جوانە و بۆیە زۆرجار وەصفی بەژن و بالأو سینگ و کەمەر و چاو برۆی کچی جوان دەکات و دەنووسێ:

هەر لەسەری تاکو قەدەم

وەسفی دەکەم بێ زیادو کەم

تاقە جوانی ڕۆم و عەجەم

تۆ ئادەمی نیت و پەری

سنگی سپی وەك کاغەزی

مەمکی شەمامەی ناو ڕەزی

گەردن کێڵی ڕوو مامزی

پیاو قەت تێر نابێ لە سەیری

-دیارە شێواو هەر بە کچانی ئەورووپی و هاوشێوەکانی ئاسوودەیە ،بۆیە دێت رەخنە لە کچانی داپۆشراو دەگرێت و ئەگەر کچێکی داپۆشراو ببینی گلەیی لێ دەکات ،کە بۆچی خۆی داپۆشیووەو دەڵێ:

فڕێدە ڕووبەندی ڕەش

با دەرکەوێ کولْمی گەش

عەبا لادە نە تەوێ

**با باڵای تۆش دەرکەوێ**

**ئەو عەشقەش لە شێواودا هەردەمێنێ ، ئەوەتا وەکو خۆی دەڵێ: پیریشە و هەر ئەو حەزەی نامرێ .......بۆ نموونە دەنووسێ:**

**دڵ بەپیری تازە یارو ئاهەنگ و نەشئەی دەوێ**

**ماچی کوڵم و گەردنی زەردو فنجانی مەی دەوێ**

**هەروەکو منداڵی ساوا گرووی لەمن گرتووە**

**بەزمی جاران و قەتارو دەنگی تارو نەی دەوێ**

**خوتخوتەی داوم دەڵێ :دەی هەستە ئەو جێیەی دەڵێم**

**جا قوڕی کوێ بکەم بە سەرما باخی سێو و بەی دەوێ**

3-**وەسفی سروشت :**

**سروشتی جوانی کوردستان ئەویش سەرچاوەی ئیلهامی شاعیرانە و بەلای شێواوی شاعیرەوە هەرچەندی تیایدا بژی ئەویش لەزەت و چێژی تەواو نابێ .....شێواو دەنووسێ:**

**ڕۆژێك لە ڕۆژانی بەهار**

**چوومە دەرێ لە ناو شار**

**ڕووم کردە گوڵستانێ**

**دروستکەری داستانێ**

ڕازاوە وەك بە هەشتێ

جێگای سەیران و گەشتێ

کە دیم ئەو لالەزارە

هەرچوار وەرزی بەهارە

لە و هەوایە و دیمەنە

لەو گوڵزارو چیمەنە

لەو درەخت و کانییە

لەو نەغمە و گۆرانییە

کە دێ سروەی شەماڵێ

دەدا لە پەڕی گوڵاڵێ

کە کەوبار دەڤا سپێنێ

دەپۆر خۆی دە لەنگێنێ

کە ڕۆژ تیشکی داوێژێ

چیمەن ئاونگی دەمژێ

بۆنی کیژانی سەنگین

هاژەی ڕووباری بەفرین

4-سروودی قوتابیان:

شێواو گرنگی بە دەستەی قوتابیان دەدات و دەزانێ گرنگن، بۆیە دێت سروود بۆ قوتابیان دەنووسێ و بەزمانی ئەوانەوە دەڵێ:

من قوتابیم دەخوێنم

ڕەگی سستی دەپسێنم

بۆ گەل و نیشتومانم

گوڵی ئاشتی دەڕوێنم

ئینجا قوتابی چی لە بارەیەو یان بە واتایەکی تر ، خەونی شێواوی شاعیر چییە بۆ قوتابیانی و وڵاتەکەی دێت بەزمانی خۆیانەوە دەنووسێ ئاواو ئاوا دەکەم ....ئەوەتا دەڵێ:

من قوتابیم بۆ وڵات

دەبڕم ڕێی سەختی خەبات

بۆ سەر بەرزی کوردستان

گیانی خۆم دەکەم خەڵات

کەوابێ شێواو لێرەشدا هەرهانی قوتابی دەدات بۆ خەبات و قوربانیدان یانی نایێ ئەوە فێری قوتابیان بکات ، کە ڕۆژ ڕۆژی زانستە و دەبێ هەموویان زۆر بە جددی و لێبراوییەوە بخوێنێ و پسپۆرییە ووردو دەگمەنەکان بۆ

کوردستان بەدەست بێنێ و بەوە ولآت بەرەو پێش ببەن ، بەڵکو شێواو دەیەوێ قوتابیش هەر خەبات بکات و خەباتەکەشی سیاسی و عەسکەری و قوربانیدان بێ نەك خەباتی زانستی .

## -شـاعیـری میـللی رێبـوار:

کورتەی ژیانی شاعیر : ناوی صابیری کوری تاهیری کوڕی حەمەدە ، (د.کمال مستەفا معروف) بە هەڵە ئەو ناوەی کردۆتە (صابیری کوری حەمەد علی ) لە شوباتی ساڵی 1957 لە گوندی (سوسە)ی سەر بە قەزای کۆیە لەخێزانێکی هەژارو جوتیاری موسڵمان لەدایك بووە ، لە عەشیرەتی گەردییە

خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆی تەواوکردووە ساڵی 1974 لەبەر تێکچوونی بارودۆخی کوردستان ، وەك سەدەها خێزانێ دیکەی کورد ، ئەویش لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی ئێران بووە ، لەوێدا سەرەتا لە ئۆردووگای (زێوە) دواتر لە (شیراز) نیشتەجێ بووە لە 11/15/ 1976 گەڕاوەتەوە کوردستانی عیراق و زێدی خۆی ، لەسەردەمی لاوێتیی بە(بۆستان) و(گوڵستان)ی سعدی شیرازی کارتێکراوبووە و چوارینەکانی (بابا تاهیری هەمەدان ) ی هەژاندوویانە کاریگەری هەریەکە لە (قانع و بێکەس و گۆران و هەژاری موکریانی) ش ، وەکو خۆی ئاماژەی بۆ دەکات بە سەریەوە کەم نەبووە هەموو ئەوانە وایان لێکردووە بەهرەی شیعری بتەقێتەوەو لە ساڵی 1975دا یەکەم شیعری بنووسێت لە شیعرەکانی دا

ئەگەرچی ناوەرۆکی سیاسی زەقتر دەردەکەوێت ،بەلاَم لەپالّ ئەوەشدا گەلیَ ناوەرۆکی نیشتمانی و ئەڤینی و وەسفی سروشت و گوزارشتکردنی حالّی تایبەتی شاعیر خۆی بەدی دەکرێن،جگە لەزمانی دایك ،کە کوردی یە هەردوو زمانی (عرەبی و فارسی ) ش دەزانێت ،بەلاَم شیعری بەو زمانانە لەبەردەست نین ئەوەش،وەکو خۆی دەلّێت: وەنەبیّ بەو زمانانە نەم نووسیبێت ،بەلاَم ئەوەی نوسیومە شتی بچووك و کەم بووە بۆیە هەلّمنەگرتوون و ئێستاکە لەبەردەستمدا نەماون .

## -گەشتێك بەناو شیعرەکانی رێبوار :

رێبوار وەکو شاعیرێکی میللی هەمیشە لە نێو میللەتەکەی خۆی ژیاوە ،لە ژیانی خەلّکانی هەژارو چەوساوە خەلّکانی زەحمەتکێش و بێناز نزیکبووە هەلّومەرجە سیاسیەکەی کوردستانیشی پێدا تێپەریوە ئەوا بۆ ئەویش وەك هەر تاکێکی دیکەی ئەو نەتەوەیە کاریگەری خۆی هەبووە ، هەموو ئەوانە وایان لێکردووە زوو زوو پەنا بباتە بەر قەلّەمەکەی و غەم و ئازارەکانی لە بارەی رووپەری کاغەزدا تۆمار بکات :

1-شیعری کۆمەلاَیەتی: لە بواری کۆمەلاَیەتی ئەوەی لای (رێبوار) بەرجەستە دەبیّ ئەمانەن:

-گوزارشتکردن لە تێکچوونی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو لەم بارەیەوە شیعرێکی هەیە بە ناونیشانی (رازی من و یار) تیایدا دەڵێت :

ئەوا بەهارە خێڵ بەرەو ژوورە

کۆچی یارەکەم ڕوو لە سنوورە

منی دڵ بەغەم خەریکی شینم

چاوەڕێی یارم بێت و بیبینم

کە دێ نازانم چۆن بیدووێنم

چۆن لەگەڵیدا خۆم بگونجێنم

یار منی ناوێ من شێتی ئەوم

بۆ ئەو نەماوە خواردن و خەوم

وتم بە یارم بۆ بێزاری لێم؟

وتی: نا مەوێ لەگەڵتا بدوێم

لێرەدا شاعیر باس لە دیاردەکی کۆمەلایەتی دەکات ، کە ئەویش رێگری برایە لە بە شوودانی خوشك ، ئەو دیاردەیە کە رۆژ ێك لە رۆژان لە نێو خەڵکێکی هەژارو نەشارەزای ئەو میللەتە هەبووە ،ڕەتدەکاتەوە ناشیرن و قێزەونی دەکات ، بۆ ئەوەی بەر نەفرەتی خەلك بکەوێت و جارێکی دیکە لای کەس دووبارە نەبێتەوە.

2-شیعری ئەڤینی : هەر لە بواری کۆمەلایەتی دا شاعیر وەسفی حالّی خۆی دەکات و دلّی بە یارەکەی ئارام دەبێتەوە ، بۆیە بەشیعر گەشت بۆ لای ئەو دەکات و دەنووسێت :

یاری شیرینم لە دەشت و لە کۆ
لە گەشت و گوزەر خەوم دی بە تۆ
دیتم رابردی پەری نەو نەمام
هاوارم کرد و پێم وتی: مەرۆ
لەم دەشتە چۆڵە بەجێم مەهێڵە
دەستم داوێنت مەمکە ڕەنجەڕۆ
مەشکێنە پەیمان یاری وەفادار
قسەو بریاری ڕاست بە من بگۆ
شێت و دێوانەم لە دەشت و لە دەر
عەشقم بە بالاّی نەو نە مامی تۆ
شێواوە حالّم لە کێوو ستانم
وەك لە زیندانا ئەسیرم بۆ تۆ

3- وەستانەوە بەڕووی خەڵکی سەرمایەدار و دژ بە هەژاران و ئاماژەدان بە کێشەی نێوان ئاغاو جوتیاری هەژار:

**خوایە ئەمڕۆکە ڕۆژی خێران بێ**

**ڕۆژی هەور و باو بەفرو باران بێ**

**بروسکە زەمین بخاتە لەرزە**

**دایکا لە ریژنەی باران و تەرزە**

**هەتا تێر ئاو  بێ کێڵگەی هەژاران**

**بشکێنێ ئەژنۆی  سەرمایەداران**

**4- سیاسەت: ڕێبوار  دوورە پەرێز نەبووە هاتووە گەلێ شیعری سیاسی نووسیوە لەوانە هاندانی لاوان بۆ هەڵسان لە خەوی غەفڵەت و بەرپاکردنی شۆرشی رزگاربوون ئەوەتا لە شیعری (لاوانی وەتەن)دا،  کە شیعرێکە تێکهەڵکێشە بە هۆنراوەی( لاوان) ی (بێکەس ) ی شاعیر لە بارەی بناغەی ئەو (چوار خشتەکی) یەی خۆی دروستکردووە ،دەڵێت:**

**لاوانی  وەتەن**

**غیرەتێ  بکەن**

**(بەرەو پێشکەوتن**

**تاکو پێ بگەن)**

**دەی هەڵسن لە خەو**

**وا بەسەرچوو شەو**

**(بۆ گەل و وڵات**

ببن بەپێشڕەو)

نەما زەمانی

جەهل و نەزانی

( خامە هەڵگرن

بۆ کامەرانی)

ئەمڕۆ  فرسەتە

ڕۆژی هیممەتە

(ساتی پچڕانی

زنجیرو پەتە)

بە عیلم و سەنعەت

بەرز ئەبێ میللەت

(چونکە زانستە

لا ئەبا  زیللەت)

-هەڵدان بە نیشتماندا :

نیشتمانم ئەی خاکی جوان

ئەی خۆشەویستی دڵ وگیان

تۆ سەرچاوەی  کامەرانی

بۆ سەربەستی و خۆشی ژییان

5-شـانازیـکردن بە پیرۆزییـەکانـی میللەت:

لای کورد ،وەکو هەر میللەتێکی دیکەی موسڵمان جگە لە پیرۆزییە نەتەوەییەکانی خۆی ، کە خۆی لە خاك و نیشتمان و زمان و ....تاد،دەبینێتەوە، هێما ئایینییە پیرۆزەکانی (ئیسلام )یش لەوانەی پێشوو ئاماژەمان بۆ کردن ، لای موسڵمانانی کورد گەلێ پیرۆزن و هەمیشە شانازییان پێوە دەکەن، چی شاعیرو نووسەرە بە تایبەت لە ئەدەبیاتی میللی و کلاسیکیدا پێیاندا هەڵگووتوون (رێبوار)یش ، وەکو هەر یەکێکی دیکە لەو شاعیرانە دێت بە رەمزە پیرۆزەکانی ئایین شانازی دەکات و شیعریان پێدا هەڵدەبەستێ ، ئەوەتا لە شیعری ( قورئان ئالأی ئیسلامە) ستایشی قورئانی پیرۆز دەکات و دەڵێ:

کوردین و موسڵمانین

خاوەن هەست و ویژدانین

بیر و بڕوامان وایە

کە دەسکردی یەزدانین

قورئان ئالأی ئیسلامە

پر حیکمەت و ئەحکامە

سەرچاوەی زانیارییە

هەتوانی دەردو زامە

قورئان ڕاست و رەوایە

**دوا بەرنامەی خودایە**

**بۆ مرۆڤی سەر  زەوی**

**پڕ دەستوور و یاسایە**

**6-داشۆرین: لە ئەدەبیاتی میللیدا داشۆرین بەشێوەی سەرکردنەیەکی توندی بە زمانی بازاڕ پێشکەش دەکرێت نەك بە زمانی ئەدەبی بەرزو بە شێوازێکی ئەدەبی بەرز جاری وەهاش هەیە شووشتنەوەکە دەگاتە ئاستی جوێن دان، دیسانەوە ئەویش بە زمانی سادەی بازاڕ دەردەبردرێت ، نەك بە شێوەیەکی هونەری پۆشراو، وەکو لە ئەدەبیاتی بەرز وادەکرێت ، ئەوەتا بۆ بەسندانی سەری رژێمی بەعسی دوژمن،  کە دەستی بە خوێنی گەلانی عیراق بە تایبەت کورد سووربوو (رێبوار) دەنووسێ:**

**ئەی هەتیوە باب  نەدیوە**

**بۆچی عەقڵی خۆت گۆڕیوە؟**

**خۆت پێ پسپۆر و دانایە**

**هەرچی بیکەی پێت ڕەوایە**

**بۆ کوشتن و دزی و  درۆ**

**ئەدەی فەرمانی سەربەخۆ**

**دڵت ڕەشەو نا ڕەسەنی**

**کورد دەکوژی و پێئەکەنی**

**-هەندێ لە سیماکانی شیعری ڕێبوار:**

**ڕێبوار لە ڕێبازی شیعر نووسیندا پەیرەوی لە گەڵ داب و تیۆری شاعیرانی پێشەخۆی دەکات ، بە هۆیانەوە کەشکۆڵی شیعرەکانی فراوان و دەوڵەمەند دەکات ، لە گرنگترین ئەو داب و تیۆرانەی کە لاسایان دەکاتەوە:**

**1-دەستپێکردن بە ناوی خوداوە: شاعیر لە سەرەتای هەندێ لە شیعرەکانی بە ناوی خوداوە دەست بە نووسینی شیعر دەکات ئەوەتا ، وەك لە شیعری (نامە) دا ، دەڵێت:**

**نامەم بە ناوی یەزدانی مەزن**

**ئەو خۆی دەزانێ دەردی دڵی من**

**2- ئاماژەکردنی شاعیر بە ناو هێنانی ناوی خۆی لە نێو شیعرەکانیدا : ئەمەش دابێکی دیکەی شیعری کلاسیزمە ،جا یان لە کۆتاییی شیعرەکە یان ناوەڕاست و دەستپێك و یان هەر شوێنێکی دیکە شاعیر ناو یان نازناوی خۆی دادەنێت ،بۆ نموونە (ڕێبوار) لە شیعری (سلاوێك لە زیندانەوە) دا دەڵێت:**

**سلاوم بکە لە دەشت و لەدەر**

**بڵێ وا دوژمن بووە خاك بەسەر**

**کە تەواو ڕووخا منیش ڕائەکەم**

**غەمی دەروونم بەڕەڵلا ئەکەم**

**ئەوا دوایی هات ئیتر وەسەلام**

**(بێدار) ئەیەوێ  کاغەز و وەڵام**

دیارە شاعیر لە سەرەتادا نازناوی ( بێدار) بووە بۆی  دەرکەوتووە ،کە ئەمە نازناوی (جمال حەبیبوڵڵا) یە ، بۆیە نازناوی خۆی گۆریوە بۆ ڕێبوار.

3- بە ناسکی نووسین : شیعری میللی هەمووی یەك ئاست نییە ،بەڵکو شتی زۆر جوان و سەرنجراکێشی تیایە ،بۆ نموونە ڕێبوار لە شیعری (سلاّوێك لە زیندانەوە) دەڵێت:

سلاّوم بکە لە گوڵی سوورم

هەر ئەوە هیوای ڕێی سەخت و دوورم

لە ڕاستی دا دێرێکی بەم شێوەیە لە دەربڕین و وشەو مۆسیقاو واتاو .....هتد،  زۆر جوان و سەرنجراکێشترە لە زۆرێکی دێرەکانی دیکەی ،چ  ڕێبوار و   چ   هەر شاعیرێکی دیکەی ئەدەبی میللی .

4- تۆمارکردنی  ڕووداوە مێژووییەکان : ئەدەبی میللی زۆرجار تۆماری ڕووداوە مێژووییەکانە ، لای ڕێبواریش وەکو زۆربەی  شاعیرانی تری ئەدەبیاتی میللی ئەو دیاردە ڕەنگی داوەتەوە  ،ئەوەتا شاعیر کارەساتی  1974/4/24 ، کە بەسەر خەڵکی قەلاّدزێ و ئەو هاولاّتییە کوردانە  داهات کە چووبوونە ناو شۆڕش و ڕوویان کردبووە ئەم شارە ،دەبێتە هەوێنی شیعرێکی و دەڵێت:

کەژی بەهاری ساڵی حەفتاو چوار

لەپێش نیوەڕۆی بیست وچواری چوار

سەگی چاو برسی خوێنڕێژی بەدکار

فەرمانی دەرکرد هێزی تاوانبار

لەناکاو هاتن باجەرو سیخۆ

گەڕان و سوڕان لە دەشت و لەکۆ

روویان وەرگێرا لەپێش نیوەڕۆ

لە ئاسمانی کورد کردیان هات وچۆ

باجەرۆ  و سیخۆ هاتن بەیەکجار

لە ناوچەی پشدەر کردیان شکار

هاواریان ئەکرد هەروەك سەگی هار

ئەیان وت هاتین قەلآدزێی هەژار

چەند ناپاڵمیان فرێدایە خوار

دایان لە شارو لە دارو دیوار

5-وەك هەر شاعیرێکی میللی زۆرجار وێنەی لە کلتوورو فۆلکلۆرەوە وەر ئەگرێت ،بۆ نموونە (رێبوار) لە وەسفی پێشمەرگەدا دەڵێت:

مێوان بە نێو وەك ڕۆستەم

تێ ئەکۆشێ دەما و دەم

**6- زێدەڕەوی لە پەسندان: زۆرجار شاعیر کە وەسفی شتێك دەکات زێدەڕۆیی تێدادەکات و پەسنەکەی لە واقیع گەورەترە ،ئەوەتا دەڵێ:**

**مێوان کوردێکی پاکە**

**لەنێو جیهاندا تاکە**

**وەکو پڵنگ لەسەنگەر**

**گیان فیداکاری خاکە**

**7-پارێزگاری کردن لە سەروا: لە ڕووی سەرواوە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی سەروادارن ،هەیانە بەجووت سەروای نووسیوە ،ئەوەتا دەڵێت:**

**خوایە ئەمڕۆکە ڕۆژی خێران بێ**

**ڕۆژی هەور و باو بەفرو باران بێ**

**بروسکە زەمین بخاتە لەرزە**

**دایکا لە ڕێژنەی باران و تەرزە**

**هەتا تێر ئاو بێ کێڵگەی هەژران**

**بشکێنێ ئەژنۆی سەرمایەداران**

**ڕاگرێ دڵی گرانی ئەوێ**

**خوایە چەوساوە ڕێێ تیا نەکەوێ**

**بابمرێ ئەوەی نەهاتی ئەوێ**

با هەرزانی بێ تا کۆستی کەوێ

ئەو شیعرەیەی لە سەرەوە تا کۆتایی هەر دێرەی سەرواى تایبەتی خۆی هەیە ، بەلاّم شیعری تریشی هەیە تیایدا پارێزگاری لە سەرواى نەگۆر و چەسپاو کردووە، وەك دەڵێت:

یاری شیرینم لە دەشت و لە کۆ

لە گەشت و گوزەر خەوم دی بەتۆ

دیتم ڕابردی پەری نەونەمام

هاوارم کرد و پێم وتی :مەڕۆ

لەم دەشتە چۆڵە بەجێم مەهێڵە

دەستم داوێنت مەمکە ڕەنجەڕۆ

ئەو شیعرە ،کە بەدرێژی لە سەرووی ئەم باسەدا هاتووە دەبینین تەواوی دێڕەکانی پارێزگاری لە سەرواى دێڕی یەکەم کردووە ،کەپیتی (ۆ) یەو سەروایەکی نەگۆڕە لەو شیعریەدا .

8- لە ڕووی کێشەوە : ئەو کێشانەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە (کێشی خۆماڵی و کێشی عەروزی عەرەبی) ، لە کێشە خۆماڵیەکانیش ، کێشی (7برگەی، 8 برگەی، 10 برگەی، 12 برگەی) بەکارهێناوە، لێرەدا بەپێویستی دەزانین نموونە بۆ هەر یەکێك لە کێشی خۆماڵی و کێشی عەروزی بهێنینەوە:

-کێشی خۆماڵی ، بۆ نموونە لەم شیعرەدا کێشی خۆماڵی (8 برگەی) بەکارهێناوە ، کە دەڵێ :

وا هەست ئەکەم بەئێش و ژان

بە لێدان و باری گران

(8 برگەی)

-کێشی عەروزی عەرەبی ، لەم شیعرەدا کێشی عەروزی عەرەبی بەکارهێناوە ،کە دەڵێ :

گیانم کەوتە سەر لێوان

دەڕوانێتە دوو کێوان

ئەم دێرە لەسەر کێشی (هەزەج) ە ،کە ( مفاعیلن مفاعلین) ە.